


# شاناز له مافی خۆی خۆشبوو یان.....؟



گوڵان
ژمارە (٧٨١)
٢٠١٠/٥/١٧

(شاناز) کە مێردی کرد، هێشتا باوکی مابوو، بەڵام بەو مەرجە مێردی بە (فوئاد) کرد کە تاوەکو باوکی مابێ بەجێی ناهێڵێ و لەگەڵی دادەنیشێ،(فوئاد) پێی وتبوو، دەستخۆشیشت لێدەکەم ئەگەر تۆ وەها بە وەفا و بە ئەمەك بی بۆ باوکت و خزمەتی بکەی، بەڵام گرفتەکەم ئەوەیە خەڵك لۆمەمان دەکەن و دەڵێن باوکی زاوای لە بن باڵی خۆی ناوە و شەرمیش ناکات، باوکی (شاناز) دەرکی بەو هەڵوێستە کردبوو، زۆری هەوڵ لەگەڵ (شاناز) دا کە خانوویەکی سەربەخۆ بگرێت و با خەڵك لۆمەی مێردەکەت نەکەن، بەڵام(شاناز) رازی نەبوو بوو.

باوکەکەشی بیری کردەوە چارەسەرێك بۆ ئەو گرفتە دابنێت، هەم کچەکەی لە تەنیشت بێت و هەمیش مێردەکەی نەکەوێتە بەردەم تیر و توانجی خەڵك، خانووەکەی خۆی گەورە بوو، جێگەی چوار پێنج خێزان دەبۆوە، وەکو لە بەڵگەنامەی تاپۆکەی دا دیار بوو، شەش سەد و پەنجا مەتر بوو، هەستا ناوبڕێکی بۆ خانووەکەی کرد و نیوەی دایە(شاناز)ی کچی و ئەوجا لە تاپۆش بەنهێنی مامەڵەی بەناوکردنی بۆ کرد و تا ئەو ساتەی کە پێویست بوو(شاناز) لە فەرمانگەی تاپۆ ئامادەبێت بۆ بەناوکردن و وەرگرتنی پەنجەمۆری، نەیزانیبوو، کە(شاناز) بەمەی زانی، رازی نەبوو ئەو موڵکەی بەناو بکرێت، باوکی هەفتەیەك خەریکی بوو، بەڵام ئاخۆ (شاناز) رازی بوو بەناوی بکرێت؟

## رازی کردنی (شاناز)

(شاناز) لەمەڕ هۆی بەناوکردنی ئەو موڵکە بەناوییەوە لەلایەن باوکی خۆیەوە بۆمان باس دەکات و دەڵێ:

پێنج ساڵ بوو دایکم مردبوو، پێش ئەوەی مێرد بکەم، سێ برام هەبوو، هەرسێکیان ژنیان هێنابوو، ماڵی خۆیان کردبوو، تاقە خوشکێکیشم هەبوو ئەویش زوو مێردی کرد و چووە ماڵی خۆی، تەنیا من مابوومەوە، کە دایکم مرد تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو، باوکم نەخۆشی شەکرەی هەبوو، پتر لە سی ساڵان لەگەڵ دایکم ژیابوو، براکانم دەمێك دەیانوت با ژن بێنێتەوە و کەسێك هەبێ خزمەتی بکات، دەمێکیش دەیانوت تازە بەم تەمەنەوە ژنی بۆ چییە و با(شاناز) لەگەڵی بمێنێتەوە و خزمەتی بکات، با ژنێکی تر نەیەت ببێتە میراتگرمان، دەمێك دەهاتن دەیانوت با ئەو خانووە گەورەیە بفرۆشێ و بۆچییەتی، با خانوویەکی بچکۆلانە بکرێت و (شاناز) یش بەخێوی بکات.

منیش بە باوکم دەوت بابە: دە ئەو خانووە بفرۆشە و با لە کۆڵ ئەو قسە و پێشنیارانەی هەموو رۆژێی ئەو برایانەم ببینەوە، کەچی باوکم دەیوت: نا نا کچم نا، تۆ نازانی ئەو برایانەت تەنیا تەماح بەری چاویانی گرتووە، ئەم خانووەمان شوێنەکەی بازرگانییەو پارەیەکی زۆر دەکات، بە پارەی ئەم خانووە چوار خانووی تری پێدەکردرێتەوە، ئەوانە تەنیا لەبەر خۆیانە و بەس، تۆ نایانناسی کچم.

(شاناز) لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: کە دایکم مرد، بڕیاری خۆمم لەگەڵ باوکم دا و پێموت: هەتا ماوم خزمەتت دەکەم و مێردیش ناکەم. کە دایکم مرد نەمهێشت باوکم لە هیچی کەم بێت، نەمهێشت هەست بە بۆشایی یان تەنیایی بکات..زۆر زیاتر خزمەتیم دەکرد و نازیم دەکێشا. پێنج ساڵان خزمەتی باوکم بە تەنیا کرد، خوشکەکەم و براکانیشم مەگەر بە رێکەوت، یا رۆژانی هەینی بهاتبان بۆ نانخواردن یان بزانن چی هەیە چی نییە سەبارەت بە خانووەکە، ئەگەر نا کەسیان ئامادە نەبوون یەك رۆژیش لای باوکم بمێننەوە. داخوازیم زۆر دەهات، بەڵام لەبەر باوکم هەموویم رەتدەکردەوە، دەموت ئاخر ئەگەر مێرد بکەم کێ ئەو پیرە پیاوە خزمەت دەکات، بەڵام قەت نەمدەوت لەبەر باوکم مێرد ناکەم،ئاخیرییەکەی باوکم زانی کەوا لەبەر ئەوە مێرد ناکەم، دوای پێنج ساڵ مانەوەی من و باوکم بە تەنیا بە هەموو جۆرێك ناچاری کردم رازی بم کە مێرد بکەم، خۆشبەختانە هەر لەیەکەم رۆژی داخوازیکردنەوە(فوئاد) کەوتە بەر دڵم و پێی رازی بووم، ئەویش پیاوێکی تا بڵێی هێمن و لەسەرخۆ و رێکوپێك، خاوەن و وەزیفە و بەڕێز، هەرچی من دەمویست لە(فوئاد) دا هەبوو، لە مێردکردنم بەخت زۆر یاوەرم بوو، بەڵام کێشەم ئەوەبوو چۆن باوکم بەجێبهێڵم، بە هەرحاڵ دواجار وەها رێککەوتین کە ناوبڕێك لە نێوان خانووەکەدا بکرێت، بەڵام دروستکردنی ئەو ناوبڕە براکانمی شێت و هار کرد، هەتا رازی کران وەکو دەڵێن بەرد شەقی برد، بەمجۆرە هەم ژیانی هاوسەرێتیم پێکهێنا، هەمیش لە باوکم دوور نەکەوتمەوە، بەڵام کاتێکم زانی باوکم خەریکە نیوەی خانووەکەم بەناو دەکات زۆر دڵتەنگ بووم، ئێوارە من و (فوئاد)ی هاوسەرم و باوکم دانیشتین، مەسەلەکەم کردەوە و بە باوکم وت: بابە من کە نامەوێ بەجێتبهێڵم لەبەر ئەوە نییە چاوم لە پاداشتێکە، یان خوا نەخواستە دەمەوێ سوودێکت لێببینم، لەخوا بە زیاد بێ نانێکم هەبێ بەسەر بڵندی هەموو ماڵی دنیا دێنێ،(فوئاد)یش هێندێك قسەی کرد، ئەوجا باوکم وتی: کچم ئەو کارەم لەبەر خۆت و خۆشم کردووە، من خانووی خۆمە، بە شەرع و بە یاسا ماڵی خۆمە، چی لێدەکەم، ئەوجا دەیفرۆشم، یان دەیبەخشم یا بەکرێی دەدەم،کەیفی خۆمە، کەس هەقی بەسەرەوە نییە، من نیوەی خانووەکەم بەناوی تۆ کردووە، بەیانیش دەبی بێیت و پەنجە مۆرت بکەی و بەناوت بکرێت، تۆ کچی وەکو براکانت نی، ئەوان هیچیان دەستکورت نین، بابی خۆیان هەیانە، خوشکەکەشت ئەوە پێنج ساڵە دایکت مردووە، تا ئێستا رۆژێك هات چێشتێکمان بۆ لێبنێ، یان یارمەتییەکت بدات، بە هەرحاڵ گفتوگۆمان تا درەنگی شەو درێژەی کێشا و باوکم لەسەر قسەی خۆی سوور بوو، بۆ بەیانی ناچاری کردم و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ تاپۆ و پەنجە مۆری بەناو کردنی پێکردم و نیوەی خانووەکەی بەناو کردم، کە براکانم ئەوەیان زانی دنیایان هەڵگرت، زوو هاتنە ماڵمان و شەڕێکی چاکیان لەگەڵ کردم و چوونە لای باوکیشم کردیانە بۆڵە بۆڵ و ناخۆشییەك هەر نەبێتەوە، باوکم نەخۆش ببوو، کە ئەوانیش چوون ئەو هەڵڵایەیان دروستکرد هێندەی دیکەیان نەخۆش خست، وەزعی خراپ بوو، ناچار لە نەخۆشخانە خەواندمان، بەداخەوە پاش دوو سێ رۆژان نۆرە دڵی لێیدا و ئەمری خوای بەجێهێنا

## شەڕی میرات و حاشا لێکردنی برایان

دوو سێ رۆژ بوو تازییە هەڵگیرا بوو، کێشەکە سەری هەڵدایەوە،(شاناز) درێژە بە گێڕانەوەی باسەکەی دەدات و دەڵێ: هەر کە تازییە تەواو بوو، پاش سەرەخۆشە، براکانم دەستیان پێکردەوە، بڕیاری کۆتاییان ئەوەبوو، یان دەبوو لەو بەشە خانووەی کە باوکم بەناوی کردوومە خۆش بم، یانیش لە بەشە میراتی خۆم لەو نیوەی خانووە کە ماوە بێ بەشم دەکەن و حاشاشم لێدەکەن، بڕیارێکی سەیر بوو،(فوئاد)ی هاوسەرم زۆر پێیوتم کە واز لەو میراتە بێنم و ئەو سەریەشەمان لە کۆڵ بێتەوە، بەڵام من سووربووم لەسەر بڕیاری خۆم و وتم: نە لەو خانووەی کە باوکم بەناوی کردوومە، نە لەبەشە میراتەکەی تریشم خۆش دەبم، ئەگەر لەسەر ماڵی دنیا حاشام لێدەکەن، با سەد جاران حاشام لێبکەن، خۆ من هەر بەوە رازی نەدەبووم، باوکم ئەو خانووەی بەناوکردم و لەسەر ناوی خۆم بهێڵمەوە، بەڵام ئەوەندە ئازاریان دام و ئەوەندە جنێو هەڕەشە و گوڕەشەیان لێکردم، تازە بە مردنیش بێ واز ناهێنم.

بە هەرحاڵ کە زانییان واز هێنانم بێسوودە، هەموویان دانیشتن و موڵکەکەی باوکمیان فرۆشت و منیش لە ناو نیوە خانووەکەدا مامەوە و ئەوانیش حاشایان لێکردم.

**کە(شاناز) بەمەی زانی رازی نەبوو ئەو موڵکەی بەناو بکرێت، باوکی هەفتەیەک لەگەڵی خەریک بوو، بەڵام ئاخۆ(شاناز) رازی بوو بەناوی بکرێت؟**

**بە هەرحاڵ کە زانییان واز هێنانم بێسوودە، هەموویان دانیشتن و موڵکەکەی باوکمیان فرۆشت و منیش لە ناو نیوە خانووەکەدا مامەوە و ئەوانیش حاشایان لێکردم**

**(فاتیمە ئەلزەهرا) نووسەرێکی مەغریبیە ماوەیەکی زۆر لە تونس و فەرەنسا ژیاوە، پسپۆریەتی لە بواری مێژوودا هەیە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە مێژووی تەقالیدە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵات، خانمی ئەلزەهرا لە شرۆڤەو بۆچوونەکانیدا سوودێکی زۆری لەو باکگراوندە ئەکادیمییە وەرگرتووە، لە نووسین و تێزە کۆمەڵایەتیەکانیدا ئەوە بەروونی دەبینرێت، زۆر سەرسەختانە داکۆکی لە ماف و ئازارەکانی ژنان دەکات، چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی لە بارەی سەربەخۆیی ئابووری لە ئازادبوونی ژنان هەیە، شیعرو چیرۆکیش دەنووسێ، سەرۆکی سەنتەرێکی رۆشنبیریشە لە ریباتی پایتەختی مەغریب، (گوڵان)پێوندی پێوە کرد و ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ سازدا.**

## نووسەرو رۆژنامەنووسی مەغریبی فاتیمە ئەلزەهرا بۆ گوڵان :

# ژنان لە ئاستی رەسمی و ئیعلامیدا رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە



*** توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەتان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناکە، بەرێژەیەکی بڵاو لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیندو پاکستان بەرچاو دەکەوێ، هۆکارە سەرەکییەکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

_ ژینگە و تەنشئەی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرنگ لە داچەقاندنی هزری توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەبینێ، زۆر هەڵسوکەوت هەیە لە نێوەندی خێزاندا دنەی توندوتیژی دەدەن، لەوانە: لە خێزانە رۆژهەڵاتییەکاندا جیاکاری ژێندەری لە ئاستی پەروەردە، خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆراك و دەستەبەرکردنی هەلی خوێندن و کارکردن و جیاوازی لە دیاریکردنی هاوسەری ژیان و....تاد دەبینرێت.

بە شێوەیەکی گشتی تاکی رۆژهەڵاتی لە رووی هۆشیاری و ئاشنایەتی بە مافەکانی ئافرەت و کولتووری لێبوردەیی لاوازە، پیاوی رۆژهەڵاتی گیرۆدەی چەندین گرفت و پاڵەپەستۆی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بارودۆخی ژیان بارێکی ناهاوسەنگ و دژواری لەسەر سایکۆلۆژیەتی پیاوان دروستکردووە، بێکاری و گرانی بازاڕ پاڵنەری بەرچاوی بەرزبوونی رێژەی توندوتیژین، پیاوان تەنیا جەستەی ژنەکانیان شکدەبەن بۆ خاڵیکردنی تووڕەیی و گرژییەکانی ناخیان.

کولتووری کۆمەڵایەتی تەنیا فاکتەری پەیڕەوکردنی توندوتیژی نییە، ژنان لە ئاستی رەسمی و ئیعلامیدا رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، ماکینەی راگەیاندن لە رۆژهەڵاتدا بەشێوەیەکی سیستماتیك ژنان دەهاڕێ، هەندێ لە کەناڵەکانی راگەیاندن زرەر و زیانێکی گەورەیان بە پرسی ژنان گەیاندووە، سیستەمی سیاسی و یاسا مەدەنییەکانیش بەدەر نین لە قووڵکردنی کرداری توندوتیژی.

خاڵێکی دیکە لاوازی سیستەمی پارێزی و نەبوونی شوێنی حەوانەوەیە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، دەسەبەرنەبوونی شوێنێکی وا، وای لە زۆرینەی ئافرەتان کردووە لە حاڵەتی وادا بێدەنگی و قەبووڵکردن بە رێگەچارەی گونجاو بزانن، لەلایەکی دیکەوە کولتووری کۆمەڵایەتی گەلانی رۆژهەڵات بەشێوەیەکە مردنی کچەکانیان لە تەڵاقدانیان پێ باشترە، ژنان لەبەر ئەو روانگە کۆمەڵایەتیە لە لایەك و لەپێناو پاراستنی یەکپارچەیی خێزان و پەرتەوازەنەبوونی منداڵەکانیان لە لایەکی دیکە هەموو زوڵم و چەوسانەوەو پەراوێزکردنێك قەبووڵ دەکەن.

*** بەڵام بۆچی لەنێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بڵاوترە؟**

_ ئیسلامی سیاسی و تەیارە ئاینییە موحافزکارەکان فاکتەری سەرەکی تەشەنەکردنی توندوتیژین لە جیهانی ئیسلامیدا، تەیارە ئیسلامییەکان لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی و بە پشت بەستن بە شرۆڤەی هەندێ لە توندڕەوکاران، باڵادەستبوونی پیاوانیان بەسەر ژنان و رەوایدانیان بە لێدانی ژنان کردۆتە مۆدەیەکی ئیسلامی، ئیسلام وەك ئاینێك دوای سەردەمی خەلیفە راشیدییەکان زۆر لە خورافات و شیکردنەوەی توند و لادانی بەخۆوە بینی، بەتایبەت لە موعالەجەکردنی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و پرسی ژناندا، ئەگینا ئیسلامی راستەقینە دوورە لە توندوتیژی، ئیسلام کەرامەت و هەیبەتی بۆ ژنان گەڕاندەوە، بەڵام ئیسلامی سیاسی هەوڵی گەڕاندنەوەی سەردەمی جاهیلیەت دەدات. کولتووری کۆمەڵایەتی توندوتیژی بە بەشێك لە هەیبت و جەبەروت دەزانێ، پێیوایە تەهمیشکردن و چەوساندنەوەی مێینە پیاوەتییە، پێیوایە تەنیا لە رێگەی توندوتیژییەوە دەتوانێ پارێزگاری لە کەرامەت و ناموسی ژنەکانی بکات، کوشتنی ژن لەسەر مەسەلەی ناموس دیاردەیەکی باوە، هزری نێرسالاری، کەسایەتی و شەرەفی خۆی لە دامێنی ژنەکانی دەبینی، لە قورئاندا یان لە وتەو کردارەکانی پێغەمبەردا شتێك نابینی دەلالەت لە توندوتیژی دەرهەق بە ژنان بکات، یان ریوایەتێك نابینی کە گوزارشت لەوە بکات پێغەمبەر لێدانی بەرامبەر ژن و کچەکانی بەکارهێنابێ، وەك ئاماژەم پێدا دوای سەردەمی خەلیفە راشدییەکان زۆرێك لە شتی لابەلا و خورافات و شرۆڤەی توند هاتە نێو تێکستە ئایینیەکان، هەر کەسەو بەئارەزووی خۆی بەپێی بەرژەوەندییەکانی کەوتە فەتوادان و تەنزیرکردن. ئەمڕۆ شێوەو وەسائیلی جۆراوجۆر بۆ سەرکوتکردن و تەرهیبکردنی ژنان بەکاردێت، لە وڵاتێکی وەك سودان هێزی سەربازیان بەرامبەر بەکاردەهێندرێ، لە ئەفغانستان و پاکستان دەکوژرێن و جەڵدە دەکرێن، نەخوێندەواری و رێگە نەدان بەخوێندن پەتایەکی دیکەیە، هەنووکە رێژەی ژنە نەخوێندەوارەکان لە جیهانی عەرەبی ٣\٢ کۆی گشتی نەخوێندەواران پێکدێنێ، هەروەها رێژەی ٣\١ ژنە نەخوێندەوارەکانی دنیا لە جیهانی ئیسلامیدان. بەپێی نوێترین لێکۆڵینەوەش ٤٨٪ی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی نەخوێندەوارن.

*** زۆرینەی لێکۆڵەران و پسپۆرانی بواری سۆسیۆلۆژیا راو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، ئایا لەرێگەی یاساوە**



**پیاوان تەنیا جەستەی ژنەکانیان شکدەبەن بۆ خاڵیکردنی تووڕەیی و گرژییەکانی ناخیان**

**ئیسلامی سیاسی و تەیارە ئاینییە موحافزکارەکان فاکتەری سەرەکی تەشەنەکردنی توندوتیژین لە جیهانی ئیسلامیدا**

**چارەسەری ئەو پرسە بکەین یان سەرەتا دەبێ کۆمەڵێك ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هۆشیاری بگرینە بەر، رای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

_ توندوتیژی دیاردەیەکی کۆنە هاوتای سەرهەڵدانی موڵکیەتی تایبەت و دابەشکردنی ئەدوار و بەشەکانی کارکردنە لە نێو خێزاندا، مەسەلەی چارەسەری مەسەلەیەکە بەهۆی ئەو ژێرخانە دوور و درێژە پێویستی بە بەرنامەیەکی هەمەلایەن و گشتگیر هەیە، وەك گوتمان ئیشکالیەت لە ئاستە کولتووری و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە، لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ئایین لەبری ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی جیاکاری و تەساموح و گەڕاندنەوەی هەیبەت بۆ ژنان، کەچی ئیسلام کراوەتە کەرەستەیەك بۆ چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی ژنان. لە ئاستی یاسا مەدەنییەکاندا کەموکوڕی زۆر هەیە، یاساکان مونسیف نین بەرامبەر بە ژنان ناعەدالەتی یاسایی هەیە، سەرلەبەری ئەو یاسایانە پێویستیان بە گۆڕان هەیە، یاساکان هزری نێرسالاری و جیاکاری ژێندەرییان زیاتر چەسپاندووە، خاڵی دەستپێك بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتییە لە نێو خەڵکیدا، بەتایبەت لە نێو ڕەگەزی نێرینەدا، کۆمەڵگەی ئێمە لە رووی هۆشیارییەوە یەکجار لاوازە، هێشتا ژنان وەك کەسی پلە دوو سەیردەکرێن، مافی کارکردن و خوێندن و سەفەرکردنیان لێ زەوت کراوە، ڕامالینی ئەو کولتوور و هزرە سەقەتە تەنیا لە ڕێگەی تەشریعات و یاساکانەوە جێبەجێ ناکرێ، وەك وتم دەبێ لە هۆشیارکردنەوە دەست پێبکەین، لە ئاستی قۆناغی منداڵی و هەرزەکاران و گەوران.

**لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ئایین لەبری ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ نەهێشتنی جیاکاری و تەساموح و گەڕاندنەوەی هەیبەت بۆ ژنان، کەچی ئیسلام کراوەتە کەرەستەیەک بۆ چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی ژنان**

خاڵێکی دیکە تێبینی کردنی هەبوونی جیاوازییە لە نێوان گوفتار و کرداردا، زۆرێك لە دەسەڵاتداران و ڕۆشنبیران و داکۆکیکاران لە مافەکانی ژن بە قسە لە وتارو نووسین و خیتابەکانیاندا داکۆکی لە پرسی ژن و ژێندەرو یەکسانی دەکەن، بەڵام ئەمانە تەنیا مۆتۆن کە دێنە سەر کردار هیچیان پێنییە و مەبەستییانە بارودۆخەکە هەر وەك خۆی بەقەتیسی بمێنێتەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتی سیاسی قسەکانی بکاتە کردار، بە جددی کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاریشەیە بکات.

ئەمڕۆ میدیا وەك هێزێکی خاوەن کاریگەری و دەسەڵات لە توانایدایە یارمەتیدەری دەسەڵات و لایەنە پێوەندارەکان بێ بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەو کارکردن لەسەر لایەنی هۆشیاری و پەروەردەیی و گۆڕانکاری لە کولتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش بە شکڵ و شێوەی هەمەلایەن دەکرێ، بەشداری لە چارەسەری بکەن، بەڵکو ئەرکی سەرشانیانە بەو کارە هەڵسن، ئەوان جگە لە چالاکی هۆشیاری دەبێ هەوڵی بەدیارخستنی کردارەکانی توندوتیژی خێزانی و دروستکردنی کۆنتاك لەگەڵ ئەو ژنانە بدەن کە لە نێوەندی خێزاندا دووچاری توندوتیژی جەستەیی و لەفزی دەبنەوە، چونکە زۆر گرنگە سەرەتا ژنان قودرەت و جورئەتی گەیاندنی ئازارەکانیان هەبێ بە لایەنە پەیوەندارەکان، ئێستا هەبوونی هێڵێکی بەردەوامی تەلەفۆن بۆ ئەم جۆرە ژنانە لە زۆربەی وڵاتان شێوازێکی پەیڕەوکراوەو سوودێکی باشی گەیاندووە، کەواتە مەبەستی سەرەکیم لە میکانیزمی چارەسەریدا، سەرەتا گرتنەبەری هەڵمەتی هۆشیاری و راستکردنەوەیە ئینجا گۆڕین و هەموارکردنی یاساکان و لایەنی ئیجرائییە.

*** ئەو ئاسەوارانە چین کە توندوتیژی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و ئافرەتان بە تایبەتی دروستی دەکات؟**

_شتێکی قورسە ئاسەوارەکان لە چەند خاڵێك یان لایەنێکی دیاریکراو کۆ بکەیەوە، ئاسەوارەکانی توندوتیژی زۆر و هەمەلایەنن، توندوتیژی خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی و ئابووری و تەندروستی لێدەکەوێتەوە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا کیانی ئافرەت تێکدەشکێنێ، توانای باوەڕ بەخۆبوون لاواز دەکات، شپرزەیی دەروونی و ئاسوودەیی کەمدەکاتەوە، هۆکارێکە بۆ تەڵاق و لێکترازانی خێزان و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە.

توندوتیژی لە نێوەندی خێزاندا هۆکارێکە بۆ چاندنی تۆوی توندڕەوی و ناتەبایی لە نێو دەروونی منداڵ و بەرهەم هێنانی نەوەیەکی نەخۆش، واتە ڕێگرە لەبەردەم تەنشئەو پێگەیاندنی منداڵان لەسەر پیگەیاندنێکی ڕێك و دروست، ئەو منداڵانەی لە نێو خێزانێکی پڕکێشەو کێشمەکێش گەورە دەبن، هەڵگری سلوکێکی (شەڕانگێز و لادەر) و خودان کەسایەتیەکی دوورە پەرێزن.

هەندی لێکۆڵینەوە دەریانخستووە لێدان و توندوتیژی مەعنەوی هۆکارێکن بۆ تێکچوونی سووڕی مانگانەی ئافرەت و کەمخۆراکی و ژانە لاسەرە و شێوەی بیرکردنەوەش.

*** بەڕای ئێوە ئەو هەنگاو و ڕێوشوێنانە چین کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ بەر گرتن لەو دیاردەیە و دواتر نەهێشتنی؟**

_وەك ئاماژەم پێدا بەهۆی باڵادەستی کولتووری نێرسالاری و عادات و تەقالیدەوە ژنان ناتوانن بەئاسانی ئەو کردارە بەیان بکەن، بەڵام میدیا دەتوانێ پشکداری راستەقینە لە چارەسەریدا ببینێ، لەلایەك سەرجەم خروقات و کردارە توندەکان بڵاوبکاتەوە، لەلایەکی دیکە بە رۆڵی هۆشیارکردنەوە هەڵسێ.

هاوکات سەرجەم گۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان پێویستیان بە شۆڕشێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی هەیە، شۆڕشێك بتوانێ جێگە بە هزری سەقەت و یەك لایەنە لەق بکات، دواتر ڕێگەخۆشکردن لەبەردەم ژنان بۆ کارکردن و چوونە دەرەوە، هەروەها دامەزراندنی سەنتەری هۆشیاری و چارەسەری بۆ ئەو جۆرە ئافرەتانە لەگەڵ خستنەبەردەستی هێڵی تەلەفۆنی بەردەوام بۆ بەیانکردنی توندوتیژییەکان لەگەڵ بەخشینی ئامۆژگاری لەرێگەی ئەو هێڵەوە، ئینجا کارکردن لەرووی یاسایی و دانانی سزای توندتر دەرهەق بە پیاوانی توندوتیژ.

**بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: هاوژین عومەر**
**بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**
Mobile: 07504493956 Email: komelayeti@gulan-media.com

# دژه را

## (چەند ژنی) لە هەندێ حاڵەتەدا پێویستە، بەڵام...

* بێخاڵ قادر تەها

فره ژنی یا چەند ژنی لە هەندێ حاڵەت و لە هەندێ کاتدا بە پێویست دەبینم.. با بڵێین پیاوێك کە ژنەکەی نەزۆك بوو، یان نەخۆشییەکی وەهای هەبوو، بە رادەیەك کە نەتوانێ بە ئەرکەکانی هەڵبستێ، ئا لەو حاڵەتەدا هێنانی ژنێکی تر پێویست نییە؟! یا ئەگەر ژنەکەی رەفتاری لەگەڵ پیاوەکەی ئەرێی نەبوو، یان مێردەکەی فەرامۆش کردبوو، ئایا پیاو مافی لە سۆز و خۆشەویستی لە ژیانی هاوسەرێتی و ژن و مێردایەتی، لە هاوخەمی و هاوژیانی، بەسەر ژنەکەیەوە نییە...؟

ئەی ئەگەر ژنەکە ئەو مافانەی بە پیاوەکەی رەوا نەبینێ؟!

ئەوسا پیاوەکە هەقی هێنانی ژنێکی دیکەی نابێ، باشتر نییە ژنێکی تر بێنێ لەوەی کە ژنە کەمتەرخەمە فەرامۆشکەرەکەی تەڵاق بدات...؟

بەڵام بەدیوێکی دیکەشدا ئەگەر پیاو هەر تەنیا بۆ ئارەزووی خۆی ژنێکی تری هێنا، یان دووانی کرد بەسێ، هەر لە هەمان کاتیشدا نەیتوانی دادپەروەرانە لە هەموو روویەکەوە هاوسەنگی نێوان ژنەکانی رابگرێت، یان غەدری لێکردن و لە پێویستییەکانی ژیان و لە کەرەستە خۆشگوزەرانەکانی ژیان، ئەوجا لەبەر هەژاری و دەستکورتی بێ و پێرانەگات، یان خۆی فەرامۆشیان بکات و بۆیان دابین نەکات، بێبەش و مەحرومیان بکات، ئایا ئەوکاتە چەند ژنیی دەردێکی کوشندە نییە! سەرچاوەی دەیان کێشە نییە بۆ کابرا خۆی و ژن و منداڵەکانیشی.

بە کورتی ئەگەر هۆکاری راستەقینە، ئەگەر پێویستی و بەهانەی رەوا لە ئارادابوون، قەیدی چییە ئەگەر پیاو زیاد لە ژنێکی هەبێ!؟

*** کۆلێژی ئاداب- کۆمەڵناسی**

## (چەند ژنی) حاڵەتێکی ناتەندروستە

* ڕێباز جەلال

فره ژنی (چەند ژنی) بۆ خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوسەرگیری، کە ئاماژەیە بۆ ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی کە پیاوێك هەیەتی لەگەڵ زیاتر لە ژنێك لە یەك کاتدا، پێموایە ئەمە دیاردەیەکی نەرێی کۆمەڵگەی مرۆییە، خۆ ئەگەر بۆ رابردویەکی دوور یا نزیك بۆ کۆمەڵگەی خۆشمان، وەکو پێویستییەکی کۆمەڵایەتی سەیر کرابێ، ئەوا لە ئەمڕۆدا بوون و بایەخی بەرجەستەبوونی تەواو بێمانایە، بە بڕوای من تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانێ رەوایەتی بەخۆی بدات کاتێك ژنی یەکەم تووشی حاڵەتێکی ناتەندروست دەبێ و ناتوانێ وەك پێویست بە ئەرکی هاوسەرێتی خۆی هەڵبسێت، ئەمەشیان دیسان دەبێ دوای نیشاندانی رەزامەندی خۆی بێ،دژی ئەم دیاردەیەم، چونکە لە نێو ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە جەستەیەك دەبێ بەخاوەن و چێژوەرگری زیاتر لە جەستەیەك، واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە دەشێ بوونی (فره ژنی) بە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەزانێ، جا ئەگەر پێشتر پێگەی کۆمەڵایەتی بەند بووبێ بە هێنانی زیاتر لە ژنێك، ئەوا ئەمڕۆ هۆکاری تر بوونەتە بزوێنەری پێگەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێمە.

بە کوردی و بە کورتی، هیچ پاساوێك بۆ چەند ژنی نابینم و بە حاڵەتێکی نا تەندروستی دەزانم.

*** توێژەری کۆمەڵایەتی**

# هۆشیارکردنەوەی بەر لە پێکهێنانی خێزان

**مەبەست لە هۆشیارکردنەوەی کچان و کوڕان چییە؟**

کە کچ و کوڕێك ژیانی هاوسەرێتی پێکدێنن، پێدەنێنە قۆناغێکی دیکەی ژیانی تایبەتی و ژیانی کۆمەڵایەتییان، قۆناغێکی دیکەی ئەرك و بەرپرسیارێتی، ماف و ئیمتیازیان دێتە پێشێ، نە کچە دەستەمۆو بە ناز و فیزەکەی جاران دەبێ، نە کوڕەش، کوڕی (لاسار) و ناڕازییەکەی جاران دەبێ و هەموو شتێکیان لەسەر دایك و باوك دەبێ، تەنانەت نەك هەر خۆیان دەچنە نێو کەژاوەی ژیانێکی تازەوە، بەڵکو مرۆڤی دیکەش لەگەڵ خۆیان دێننە وجود کە منداڵە، واتە بەرپرسیارێتی بەخێوکردن و پێگەیاندن و پەروەردەکردنی بوونەوەرێکی دیکەشیان دێتە سەرشان، کەواتە بە پێکهێنانی خێزان رێك دەبنە مرۆڤێکی دیکە، لەبەر ئەوەیە لە مێژە وتوویانە خێزان بەردی بناغەی هەموو کۆمەڵگەیە، هەر لێرەوە لەم روانگەیەوە، هوشیارکردنەوەی ئەم دوو رەگەزە ( کچ و کوڕ) بەو بەرپرسیارێتیە قورس و هەمە چەشنەی کە دوای پێکهێنانی خێزان دێتە سەر رێگەیان، هوشیارکردنەوەیەك کە بە ئەرکەکانیان ئاشنا بکات و بەرچاویان رۆشن بنێت، چونکە ئەم هوشیارکردنەوەیە، هەم کارێکی هەمەچەشنە و هەمە لایەنەی رۆشنبیرکردنی ئەم دوو رەگەزەیە، لە هەموو بوارەکانی هوشیاری کۆمەڵایەتی گشت، تەندروستی، یاسایی، هەمیش بنیاتنانی و پێکهێنانی نموونەی خێزانی تەندروستی دەبێ بۆ کۆمەڵگەکەمان.

**هەروەك دادوەر و مامۆستای زانکۆ بەڕێز (سەردار عەزیز خۆشناو- ماستەر لە یاسای سزایی) بە بیرمان دێنێتەوە و دەڵێ:** "بوونی رۆشنبیری تەندروستی، بە هەموو لایەن و مەوداکانییەوە، هەروەها رۆشنبیری یاسایی، بەتایبەتیش یاسای باری کەسی، تەنانەت رۆشنبیری ئایینیش، ئەوەی پێوەندی بە ژیانی هاوسەری و پێوەندی نێوان ژن و مێردەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو چەمکانەی جەخت لەسەر گرنگی بوونی لێبوردەیی و رێزلێگرتن و مامەڵەکردن بە دروست و ئینسانیانەی نێوان ژن و مێرد دەکەنەوە، ئەمانە لە ژیانی هاوسەری پێویستیەکن نکۆڵیان لێناکرێت، چونکە نەبوونی ئەم رۆشنبیرییە گشتییە و بایەخ نەدانی لایەنەکانی پێوەندار بە گەیاندنی ئەم رۆشنبیریە بەو کوڕ و کچە گەنجانەی تازە ژیانی هاوسەریی پێکدێنن. ئەم دوو رەگەزە رووبەڕووی زۆر کێشەی ژیان دەکەنەوە و لەگەڵ خۆشیان رووبەڕووی کێشە دەبنەوە کە ناتوانن و نازانن چۆن چارەسەری بکەن".

**هەر بەم پێوانەیەوە بەڕێز (کاروان محەمەد)ی توێژەری کۆمەڵایەتی، جەخت لەسەر ئەم بەبیرهێنانەوەی دادوەری بەڕێزمان دەکاتەوە و دەڵێ:** "خێزان بە هەموو ئەو تۆڕە پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە هەیەتی رۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەبینێت لە پەروەردە و پێگەیاندن و ئاراستەکردنی تاکەکانی بەشێوەیەکی ئەرێی، لەم رووشەوە دایك و باوك، وەکو دوو ئەندامی هەرە سەرەکی ئەم خێزانە رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پەروەردەکردنی ئەندامەکانی تری خێزانەکەیان".

**(سارە عەبدوڵلا)ی قوتابی بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدینیش لەم رووەوە هەمان بۆچوون و تێگەیشتنی هەیە کاتێك دەڵێ:** "لەبەر ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا، کەواتە پێویستە مرۆڤ بەر لەوەی بچێتە ناو ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییە تازەوە، پێویستە هەوڵبدات ئەو زانیارییانەی کە لەسەر ژیانی هاوسەرداریی نێوان ژن و مێردێکی هاوچەرخ هەیەتی، وەدەست بێنێ، ئەم شارەزایی بوونە هەر بە قسە نابێ، بەڵکو بۆخۆی پرۆسەیەکی گرنگی خۆ هوشیارکردنەوە و خۆ رۆشنبیرکردنە".

**کێ بە ئەرکی هوشیارکردنەوەی بەر لە پێکهێنانی خێزان هەڵدەستێ؟**

ئەمە ئەرکێکی دوولایەنەیە، هەم کچان و کوڕان خۆیان دەبێ لە خەمی پەرەپێدانی ئاستی رۆشنبیری گشتی خۆیان بن.

**هەروەك بەڕێز (رێبوار قەهرەمان)ی قوتابی کۆلێژی ئەدەبیات، جەختی لەسەر دەکاتەوە و دەڵێ:**

"ئەوەی خێزان پێکدێنێ، کچ و کوڕە، ئەوەش کە پێویستی بەوەیە لە ژیانی تازەی هاوسەری و خێزانی بگات، هەر کچ و کوڕەکەن، بۆیە ئەرکی سەرەکی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان، ئەوان بەخۆیان دەبێ هەوڵبدەن مەعریفەی کۆمەڵایەتیان زیاتر و دەوڵەمەندتر بکەن. کەس لەخۆیەوە بەبێ خوێندنەوە و بەدواداچوون و پرسین و فێربوون، فێرنابێ، خۆ رۆشنبیرکردن و هوشیاربوونەوە، بەخۆی پرۆسەیەکی مەعریفی و زانستییە، دەبێ هەوڵی بەدەستهێنانی بە رێگەیەکی زانستیانە بدەی، دایك و باوکی هاوچەرخ، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی هاوسەری هاوچەرخ و مۆدێرن بژین، لایەنی کەم دەبێ، پەروەردە نوێ و زانستیانە بزانی و زەخیرەی رۆشنبیرییەکی دروست و زانستیانەی لەو بارەیەوە لای خۆیان بنیات بنێن، بە بیرۆکەی نوێ و زیندو و زانستیانە و راست و دروست کۆنتاکت لەگەڵ یەك بکەن و ئەرك و مافیان بەرامبەر بەیەك بزانن".

**بە بڕوای مامۆستا (ئومێد خەلیل) مامۆستای زانکۆ،** "ئەمە بە تەنیا ئەرکی تاکەکان نییە، بەڵکو حکومەتیشە، بیر لەوە بکاتە فەزایەکی گشتی وەها بخولقێنێ، کە نەوەیەکی تازەی خاوەن مەعریفە و هوشیار و هۆشمەند بهێنێتەکایە، جا لە پێوەند بەم باسەوە بە بڕوای من پێویستە حکومەت، ئەوجا هەر وەزارەت و دامودەزگایەك بەرپرسیارێتی ئەم مەسەلەیەی بکەوێتە ئەستۆ، دەزگایەك، یان بەڕێوەبەرایەتییەکی هەبێ، یا هەر ناوێکی لێدەنێ، کە بیکاتە یاسا و بیسەپێنێ و مەرجی سەرەکی و پێشوەختەی پەسەندکردنی گرێبەستی مارە بڕین بێ لە دادگاکاندا کە دەبێ ئەو کچ و کوڕانەی کە دەیانەوێ و رازین کە ببنە هاوسەری یەکتر، خولێکی رۆشنبیری گشتی و



**مامۆستایەکی زانکۆ: ئەرکی حکومەتە دەزگایەکی تایبەت بە هۆشیاری هاوسەرگیری دابمەزرێنێت، خولی هۆشیاری هاوسەری دروست بکەن، بەشداربوون لەو خولەش بە یاسا وەک مەرجێکی پەسندکردنی گرێبەستی مارەبڕین دابندرێت**

# تاچەند پێویستە... کێ بەو ئەرکە هەڵبستێ؟

یاسـایی و تەندروستیان بۆ بکاتەوە و تیایدا فێر بکرێن کە ئەو کچ و کوڕە کە لە دوا رۆژدا دەبنە هاوسەری یەکتر، لە رووی یاساییەوە گرێبەستی مارە بڕیـن و ژن و مێردایەتـی، چ مافێکیان دەداتێ و چ ئەرکێکیان دەخاتە سـەر، فێر بکرێن کە ژن و مێردایەتی یانی چی، ئەو کێشانەی کە لە ژیانی تازەیان دێتە سەر رێگە چین، کێشەکان، لە دادگاکان چۆن چارەسـەر دەبێ ئەگەر پەنا، ببەنە بەر دادگا، ئەگەر بە خۆشیان رووبەڕووی ببنەوە چۆن چارەسـەر دەکرێـن. فێر بکرێن کە رۆشنبیری سێکسـی یانی چی، سێکس خۆی چ مانا و چ دەلالەت و دەرکەوتەیەکی هەیە، ئەم رۆشنبیرییە چۆن تێڕوانینێکی راست و دروستیان لە بارەی ژیانی سێکسـییەوە لەلا دروستدەکات،



ئەگـەر خولێك، کـە دەبێ لەلایەن پسـپۆڕی شارەزا و بە ئەزموون و خاوەن بڕوانامەی بەرزەوە بەڕێوەببرێـن و هەر وا خۆ لە قسـەی گەورە و ناوەڕۆك بەتاڵ نەبێت، بەڵکو جۆرە مەشـقێکی تیۆری و پراکتیکی تێدابێ، کە ئەم دوو کەسـە، لە بـارەی ژیانی هاوسـەرییەوە بـە تەواوەتی رابهێندرێن و ئامادە بکرێن. ئێسـتا تەماشـای دادگاکان بکـە، بە دەیـان ژن و مێردی گەنج لێکجیا دەبنەوە، چونکە مانای ژن و مێردایەتی و ژیانی هاوسـەرێتی نازانـن. چونکە ژیانی هاوسەرێتی کەمترین پیرۆزی تێدا نەماوە".

**بە هەمان لۆژیك دادوەری بەڕێز مامۆسـتا (سـەردار عەزیز خۆشـناو)یش ئەو لایەنە روون دەکاتەوە و دەڵێ:**

"کاتێك سـەردانی دادگاکان دەکەی چاوت بە ئامارەکان دەکەوێت، سەرسـام دەبیت، بەوەی چـۆن چەندین کچ تـازە مارەکراون هێشـتا نەگوازراونەتەوە و داوای جیابوونەوەش دەکەن...! یـان ژن و مێردێك چەندیـن منداڵیان هەیە و داوای جیابوونەوە دەکـەن، لەبەر ئەوەی نازانن چۆن رێز لە یەکتر بگرن و مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، کاتێك گرفتێکیان دێتە پێش نازانن چۆن چارەسەری بکەن، تەنانەت نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیشـیان بکەن، بۆیە بەڕاستی دەبێت حکومەتی هەرێم بە جدی بایەخ بەخێزان بدات لە هەر سـێ قۆناغەکانـی پێکهێنانی خێـزان کە یەکـەم: هەڵبژاردنـی بەرامبەر و دووەم: مامەڵەی گرێبەسـتی هاوسەرێتی کە تاقیکردنەوەی خوێـن و تۆمارکردنی لە دادگا و بوونی رۆشـنبیرییەکی پێویست بەم قۆناغە و سـێیەم: دوای پێکهێنانی خێزان و چۆنییەتی مامەڵەکردنـی لـە نێوان ژن و مێـرد لەگەڵ یەك لەگەڵ منداڵەکانیشـیانە. چونکە ئەگەر بارودۆخـی خێزان و بایەخنـەدان بە خێزان هەر بەم شـێوەیە بمێنێتەوە و خێزان بەو رەهاییە، بەو کەمتەرخەمیە لە رادەبەدەر فەرامۆش بکرێت و پەراوێز بخرێت، سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی ژیر و زانستیانە و سـتراتیژییەتێکی کۆمەڵایەتی بۆ خێزان دانەڕێژرێت. ئەوا:

**یەکەم:** ژمارەیەکی زۆری منداڵی نەخۆش و هەڵگری نەخۆشییە درێژخایەن و بۆماوەییەکانی وەك نەخۆشییەکانی خوێن، تالاسیما، هیمۆفیلیا و نەخۆشـییەکانی دڵ و شـێرپەنجەمان بۆ لە دایك دەبن، کە هەم دەبنە بارگرانی زەحمەتی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان، بەتایبەتی دایك و باوکیان، هەمیش دەبنە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگە و زۆر جاریـش دەبنە مایەی گرفتی کۆمەڵایەتی بۆ خێزانەکانیان و بۆ حکومەتیش.

**دووەم:** ژمارەیەکی زۆری حاڵەتی جیابوونەوە و لێکترازانـی خێزانی دەبینین، ئەمەش دەرەنجام ژمارەیەکـی زۆری ئافرەتـی بـێ دەرامەت و ژمارەیەکـی زۆری منداڵـی بێ بـاوك و بێ سەرپەرشتیاری لێدەکەوێتەوە.

**سـێیەم:** بوونی ژمارەیەکی زۆری نەوجەوانی لاسـار، کە تـاوان ئەنجـام دەدەن و دواتر دەبنە بارگرانی لەسەر حکومەت، بەتایبەتیش لەرووی خەرجییەکانـی بەندکـردن و بێ سەرپەرشـت مانەوەیان.

**چـوارەم:** بوونـی کەسـانێکی زۆر لە پیاو و ئافـرەت و منداڵی گرفتار کـە نە بایەخ بە نیشـتمانپەروەری دەدەن، نەخەمـی ئارامـی کۆمەڵایەتی و یاساییان هەیە، چونکە کە خێزان تێکچوو، لەبـەر نەبوونی ئارامـی دەروونی و کۆمەڵایەتی و شپرزەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریان، ناتوانن پابەندبن بە سـنوور و رێسا کۆمەڵایەتی و یاساییەکان.

**پێنجـەم:** بڵاوبوونـەوەی تاوانەکانی دزی و مەی خواردنەوە و بەرکارهێنانی مادده بێهۆشکەر و سـڕکەر و سەرخۆشـکەر و بڵاوبوونـەوەی بەدڕەوشـتی و بێ رێوشـوێنی و زۆر کێشە و گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی، کە هەموو ئەمانە بەرهەمـی تێکچوونی شـیرازەی خێزانن، بۆیە بەڕای من لەبەر گرنگی و پێویستی هوشیاری کۆمەڵایەتی بۆ هەمـوو خێزانێکی تازە و کۆن، بۆ بنبڕکردن یان بەلایەنی کەمەوە، کەمکردنەوەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە ئاماژەم پێدان:

پێویستە حکومەت، بەسوود وەرگرتن لە وەزارەتە پێوەندارەکانی خۆی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە حکومەت هاوکارییان دەکات و ئەوانەی کـە بەناوی خێزان و ئافرەتـان و منداڵان منحە وەردەگرن بەرنامەیەك بۆ قۆناغەکانی پێکهێنانی خێزان و بەردەوامبوونـی دابنێن، هەموولایەکش جێبەجێی بکەن و بەرنامەی کورت و درێژخایەن دابنێن و بەدواداچوونیشـی بۆ بکەن، بۆ ئەوەی بزاندرێ ئاخۆ تا چەند کارەکان سـەکەوتوون، جا لـەو رووەوە حکومەت دەبـێ چاودێری کۆمەڵە و رێکخـراو و سـەنتەرەکان، ئەوانەی منحە بۆ ئەم مەبەسـت و ئامانجانە وەردەگرن، لە رووی بەرنامە و رێنیشاندانیشیان خۆی ئەوەی نایەوێ کاربکات، یانیش هەر بەخۆی کار نەکات مۆڵەتی لێبەسـەندرێتەوە و منحـەی لێببڕدرێت و رێگە بدرێت، کەسـان و رێکخـراوی چالاکتر کارەکە بکەن و شانی بدەنە بەر، چونکە ئەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی تێکچوون و لە ناوچوونی خێزان، هەر ئەو هۆیانەشـن دوایی دەبنە هۆی لە ناوچوونی کۆمەڵگە و دەسەڵاتیش.

**دادوەرێک: ئەمرۆ هۆکارێکی دیاری لێک جیابوونەوە لە دادگاکان نەبوونی هۆشیاریە لەبارەی ژیانی هاوسەرگیری، کە لە دادگا چاوت بە ئامارەکان دەکەوێت سەرسام دەبیت کە چۆن ئەو هەموو کوڕ و کچە لەتەمەنێکی کورتی هاوسەرگیری یان لە ماوەی مارەبڕین داوای لێک جیابوونەوە دەکەن**